زانكۆی سەلاحەدین – هەولێر
**Salahaddin University – Erbil**

# گوندی گەڕەسۆر (١٩٥٨_١٩٩١)

## پرۆژەی دەرچوونە

پێشکەش بە بەشی (مێژوو) کراوە ، وەک بەشێک لەپێداویستەکانی بەدەستهێنانی بڕوانامەی بەکالۆریۆس لە زانستی مێژوو

ئامادەکراوە:
هاوکار خوادا مولود

بەسەرپەرشتی:
د. تارا محمد خضر دەشتی

٢٠٢٣-٢٠٢٤

# پێشکەشە بە

- دایک وباوکی خۆشەویستم کە هەردەم پشت وپەنام بوونە لەکارەکانم
- هاوسەری خۆشەویستم
- سوپاس بۆ (د.تارا) کە ئەرکی توێژینەوەکەی گرتەئەستۆی
- دایشتوانی گوندی گەڕەسۆر.

## سوپاس و پێزانین

- سوپاس بۆخوای گەورە کە توانای پێبەخشیم بۆ تەواوکردنی توێژینەوەکەم
- سوپاس بۆ د.تارا کە سەرپەرشتیاری توێژینەوەکەمی کرد کەزۆر هاوکاری کردم
- سوپاسی هەموو خەڵکی گوندەکەمان دەکەم کە ئەوەی بەوشەیەک هاوکارم بوو
- سوپاس بۆهەموو هاوڕیەکانم لەکۆلێژکە هاوکارم بون لەدۆزینەوەی سەرچاوەکان

# ناوەڕۆک


| بابەت | لاپەرە |
|---|---|
| پێشکەشە بە | ٢ |
| سوپاس و پێزانین | ٣ |
| ناوڕۆک | ٤ |
| پێشەکی | ٥ |
| تەوەرەی یەکەم :- ناو و هەڵکەوتەی جوگرافی گوندی گەڕەسۆر | ٦ |
| باسی یەکەم : ناوی گوندی گەڕەسۆر | ٦ |
| باسی دووەم : هەڵکەوتەی جوگرافی گوندی گەڕەسۆر | ٦-٧ |
| تەوەرەی دووەم :- مێژووی سیاسی گوندی گەرەسۆر | ٨ |
| باسی یەکەم: ڕۆڵی دانیشتوانی گەڕەسۆر لە بزافی رزگاریخوازی کوردستان | ٨-٩ |
| باسی دووەم: سیاسەتی حکومەتی عێراق بەرامبەر گوندی گەڕەسۆر | ٩-١١ |
| تەوەرەی سێیەم :- لایەنی ئابوری و کۆمەڵایەتی گوندی گەڕەسۆر | ١١ |
| باسی یەکەم : بارودۆخی ئابوری | ١١ |
| أ- کشتوکاڵ | ١١-١٢ |
| ب- ئاژەڵداری | ١٢-١٣ |
| ت- پیشەگەری (بازرگانی و پیشەوری) | ١٣-١٤ |
| باسی دووەم : بارودۆخی کۆمەڵایەتی | ١٤ |
| أ- پێکهاتەی دانیشتوان وداب و نەریتە کۆمەڵاتیەکان | ١٤-١٥ |
| ب- یارییە کوردەواریەکان | ١٦ |
| ئەنجام | ١٧ |
| سەرچاوەکان | ١٨-٢٠ |
| وێنە و پاشکۆ | ٢١-٢٣ |

# پێشەکی

گەرەسۆر گوندێکە سەر بە قەزای دەشتی هەولێرە ، سەر بە پارێزگای هەولێرە شوێنێکی گرینگی هەیە لە ڕووی کشتوکال و ئاژەڵداری ،تا ئێستاش بایەخی خۆی لە دەست نەداوە .لە ڕووی سیاسی گوندی گەڕەسۆر بەهۆی ئەوەی نزیکە لە شار بووە ڕۆلی بەرچاوی لەسەر ئاستی ناوچەکە هەبووە . چەندان پێشمەرگەی هەبووە کە سەر بە حزبی جیاوازبوون بەشداریان لە شۆرشەکان کردووە ،وەک ئەیلول گولان. خەڵکی گوندی گەرەسۆر هاوکاری زۆری پێشمەرگەی کردووە لە ڕووی مادی و مەعنەوی کە ئەمەش بۆتە هۆکار بۆ سوتانی گوندەکە . گەرەسۆر یەکێکە لەو گوندانەی کە ڕژیمی بەعس سیاسەتی ڕاگواستنەوەی بەرامبەر کردووە.لە ڕووی ئابووریئ خەڵکەکە زیاتر بە ئاژەڵداری و کشتوکاڵی خەریک بوونە ،ئەو بەرهامەنەی لێ دەست هاتووە بازرگانی پێ کراوە لەگەڵ ناوچەکانی دەوروبەری خۆی. هەروەها پەیوەندێکی توند و تۆڵی لەگەڵ گوندەکانی تر هەبووە نموونە کاتێک وەختی دووروێنە و کێلانی زەوی یان کارە هەرەوەزیەکان خەلکی گوند هاوکاری گوندەکانی دەوروبەری خۆی کردووە. تایبەتمەندیەکی تر لە گوندی گەرەسۆر بوونی ڕۆڵی ئافرەتە کە ڕۆڵێکی باڵایان هەبووە شان بە شانی پیاوەکانیان ئیش و کاریان کردووە هەر لە ئیشی ماڵ و منداڵ و کاری کێڵان و دروێنە جگە لە کاری رستن و چنین و تەشی. هەرروەها پە لەلایەنی ڕۆشنبیری گوندی گەڕەسۆر لە سەرەتا زۆر خراپ بووە هیچ قوتابخانەیەکی تێدا نەبووە بەڵام دواتر لەساڵی ١٩٧٨ ز قوتابخانەی لێکراوەتەوە. ئەم توێژینەوەیە پێکهاتووە لە سێ تەوەرە لە تەوەرەی یەکەم باس لە کورتەیەک لە مێژووی ناساندنی گوندی گەڕەسۆر و شوێنی جوگرافیەکەی ، تەوەرەی دووەم باس لە مێژووی سیاسی و تەوەرەی سێیەم مێژووی ئابووری و کۆمەڵایەتی گوندی گەڕەسۆر و بۆ ئامادەکردنی ئەم توێژینەوەیە پشتمان بە چەند سەرچاوە بەستووە لەوانەش ، نامەی ماستەر و چەند کتێبێك کە باس لە جوگرافیا و مێژووی گوندەکانی کوردستان دەکات. بەڵام سەرچاوەی سەرەکی ئێمە زیاتر چاوپێکەوتن بوو لەگەڵ ژمارەیەک لە خەڵکی گوندی گەڕەسۆر .

**تەوەرەی یەکەم /**

**ناو و هەڵکەوتەی جوگرافی گوندی گەڕەسۆر**

**باسی یەکەم : ناوی گوندی گەڕەسۆر**

دەربارەی ناوی گەڕەسۆر چەند بۆچوونێک هەیە لە وانە دەڵێت ناوی گەڕەسۆر کاتی خۆی کەسێک هەبووە خوریکە یان سۆریکەی لێهاتووە، خۆشی کەسێکی سورە بووە بۆیە پێیان وتوە (گەڕەسۆر)[1]. بەڵام ڕاوبۆچوونێکی دیکە دەڵێت ناوی گەڕەسۆر لە خاکەکەی هاتووە (خاکەکەی سۆر بووە ) بەڵام زۆربەی بەتەمەنەکانی گوندی گەڕەسۆر لەسەر ئەوە ڕایەبوون کە ناو مانایی گوندی گەڕەسۆر لەگردێک یان تەپۆڵکەیک هاتووە (گەڕ) بەواتای کەندەرانک دێت کە ئاو هەڵی دڕیوە (سۆر)یش بەواتای خۆڵەکەی دێت کە سۆربووە. [2]

## باسی دووەم : هەڵکەوتەی جوگرافی گوندی گەڕەسۆر

سەبارەت بە هەڵکەوتەی جوگرافیای گەڕەسۆر سەر بە قەزای دەشتی هەولێرە (بنەسڵاوە). بنەسڵاوە لە هەشتایەکان سەر بە ناحیەی عەنکاوە بووە مێژووی ئاوەدان کردنەوەی دەگەڕێتەوە بۆ سەردەمی عوسمانیەکان ،دەکەوێتە ڕۆژهەڵاتی شاری هەولێر .دەشتی بنەسڵاوە لە باکوری ڕۆژهەڵات پونجینە و باخچەیە ،لە باکوری ڕۆژئاوا کەسنەزان و حەسارۆکە لە باشوری رۆژهەڵات دارەتوو لە باشوری ڕۆژئاوا هەولێر و باداوە هەڵکەوتووە. ناوی بنەسڵاوەی گەورە لە کارێزەکان و سەرچاوەی ئاوی هاتووە (بنە) بە واتای بنەوانی ئاوەکەی کارێز هاتووە ،(سڵاوە) کورتکراوەی سەراوە چونکە لە شێوە زاری دەشتی هەولێر بە تایبەتی ناوچەت دزایەتی دەڵێن دەچنیە سەراوێ واتا دەچمە سەر کارێز . بنەسڵاوە بە موڵک هی بنەماڵەی نانەکەلیەکان بووە دوای ڕاپەرینی بەهاری ١٩٩١ بنەسڵاوە دەکرێتە ناحیە دواتر لە ١١/٢/٢٠٠٢ هەر لە سەردەمی ئازادی دا بنەسڵاوە دەبێتە قەزا .دووری قەزای دەشتی هەولێر ٧کم ڕووربەری ١٤کم دووجایە .بنەسڵاوە لە ١٦ گوند لە خۆ دەگرێت یەکێک لەوانە گوندی گەرەسۆرە[3]

گەڕەسۆر ١٥-٢٠ خولەک لە سەنتەری شاری هە ولێر دوورە، گوندەکانی دەوروپشتی گەڕەسۆر ،لە خۆرهەڵات پونگینە، لە باشوور باغمرەی شهاب لە باکور بنسڵاوەی گەورە، لە خۆرئاوا گوندی کونەگوڕگ.

---

١.چاوپێکەوتنێک لەگەڵ بەڕێز ستار پیربال میرزا ناسر ،لەدایک بووی،١٩٤٦(٩-١٠-٢٠٢٣)

٢. چاوپێکەوتنێک لەگەڵ بەڕێز محمد حسن اسماعیل عبدالله،لە دایک بووی،١٩٤٠(١-١١-٢٠٢٣)

٣.لوقمان فاروق حەسەن نانەکەلی،ئاری فاروق حەسەن نانەکەلی،هۆزی نانەکەلی لە مێژووی دوێنێ و ئەمڕۆدا،چاپخانەی مێگا -تورکیا،بەرگی یەکەم،چاپی یەکەم، ٢٠١٤،ل٨٠-٨١،ل٨٤

گەڕەسۆر لەگەڵ زۆربەی گوندەکانی دەوروبەری دەشتەکانی تێکەڵ بە یەکتربونە ئەوەش وایکردەوە کە خزم وخزمایەتی دروست ببێ . بەهۆی نزیکی لە شاری هەولێر بەشێک لە خەڵکی لە مانگی ئایار بۆ مەبەستی گەڕان و گەشت سەر لە گەڕەسۆر دەدەن و بەسەری دەکەنەوە بەهۆی سەوزای و هەوا خۆشەکەی گەڕەسۆر دەکەوێتە ڕۆژهەڵاتی هەولێر. دەشتەکانی ئەو گوندەش لەگەڵ دەشتەکانی گوندەکانی دەورووبەری هاوسنورە وەک(باغمرەی شاهاب - کونەگورگ – پونگینە - گوندی بنسڵاوەی گەورە) [٤] دانیشتوانی گوندی گەڕەسۆر لە ساڵی١٩٧٧ (١٢٧) کەس دەبوون [١]. گوندەکە لە قەزای دەشتی هەولێرە هێڵی درێژی /٤٤.١٠٤٥ ،هێڵی پانی/٣٦.١٣٧٠ ڕووبەری:٣٢٦٢دۆنم.[٢]

ئەو خاکە بەرزونزمی وەهای تێدانیە و زیاتر دەشتایە و ژمارەیەک گرد و تەپۆڵکەی هەیە ئەم بەرزونزمی گرد و تەپۆڵکانە وایان کردوە کە بەستێکی گەورە دروست بکەن بەناوی ( پیرەبەست) بۆیە پێ دەڵێن پیرەبەست چونکە بەستێکی گەورە و فراوانە پیرەبەست دوو سەرچاوی بەستی تر ئاوەکەی لەپیرەبەست دەکات یەکەمیان بەستی (ئەسحابە)  کە دەکەوێتە ئاقاری گوندی باغمرەی شهاب ئاوەکەی لەزورگەکانی زەرگەتەن دێتە نێو ئەم بەستە, بەستی دووەم بەستە (تەسکە) دەکەوێتە ئاقاری گوندی پونگینە سەرچاوەی ئاوەکەی لەوێوەدێتە نێو پیرەبەست هەردوو بەستی ناوبراو لەبینی شاخی سپی وکونەشاخ یەک دەگرن کەدەکەوێتە ئاقاری گوندی گەڕەسۆر پیرەبەست دەکەوێتە باشوری گەرەسۆر واتە دەکەوێتە بەینی گوندی گەڕەسۆر و باغمرەی شهاب لێک جیادەکاتەوە پیرەبەست بەرۆژئاوا دەچێتە خوارەوە بۆ گوندی دارەتوو کونەگورک ئەم بەستە ئەو دوو گوندەش لێک دەکات پیرەبەست لەگەڵ بەستی مزووران یەک دەگرن لەژێر جسری ئێستای ١٢٠ مەتری ڕێگای کەرکوک ئەم بەستە درێژدەبێتەوە بۆلای گوندی قۆڕیتان پاشان ئاوەکەی دەچێتە گوندی عەوینە و شێخ شێروان . خاکی گەڕەسۆر باشترین ناوچەی پڕ خێر و بەرەکەتە بۆ چاندنی(گەنم وجۆ)، لە وەرگایەکی باشە بۆ ئاژەڵداری، ئاوهەوای وەکو ناوەندی شاری هەولێرە و لەژێر کاریگەری دەریای ناوەراستە هاوینی گەرمە و وشکە و زستانیشی ساردە.[٣]

---

١. چاوپێکەوتنێک لەگەڵ بەڕێز ئازاد قادر محێدین عبدورحمان، لە دایک بووی،١٩٦٧(١٠-١٠-٢٠٢٣)
٢. د.عبداللە غفور،فەرهەنگی جوگرافیای هەولێر،چاپخانەی حاجی هاشم-هەولێر،چاپی یەکەم،٢٠١٥،ل٤٨٠
٣. چاوپێکەوتنێک لەگەڵ بەڕێز حامید محمود وەلئ محمود ،لەدایک بووی ،١٩٧٤(٦-١٠-٢٠٢٣)

## تەوەرەی دووەم:- مێژووی سیاسی گوندی گەڕەسۆر

### باسی یەکەم :- ڕۆڵی گوندی گەڕەسۆر لە بەرامبەر ڕزگاری خوازی گەلی کوردستان

شۆرشی ١٤ی تەمموزی ١٩٥٨ بە ڕووداوێکی گرینگی مێژووی دادەنرێت لە عێراق چونکە کۆتایی بە ڕژێمی پاشایەتی هات ، کە هەموو گەلانی عێراق بەشداریان کرد. گەلی کورد وەک گەلانی ترى عێراق بەشداریان کرووە بەو هیوای بگەن بەمافە ڕاوەکانی خۆیان چونکە یەکێک لەئەنجامەکانی شۆرش ئەوەبوو کە جیاوازی نەکرێت لە نێوان گەلانی عێراق بەڵام دووبارە پشت کرا لە کورد و مافەکانیان .پاش ١٩٥٨کورد لە هەوڵدانی خۆی نەکەوت تا دروستبوونی شۆرشی ئەیلول [١]. هەر لە سەرەتای هەڵگیرسانی شۆرشی ئەیلولی (١٩٦١) گوندی گەڕەسۆر ڕۆڵی بەرچاویان هەبوو بۆ خزمەتی شۆرش دیارە خەڵکەکە ئینتمای چەک پە دەست و وەکو کوردێکی دڵسۆز هاوکاری شۆرش دەکەن هەم وەکو پێشمەرگایەتی هەم وەکو بەشی ڕێکخستن . دیارە چەند کەسێک بەشداری شۆرش دەکەن و دەبن بە پێشمەرگە وەک (خدر ڕەسول ،ڕەفعەت علی، ڕەسول حوسێن ..).چەند کەسێکی تریش وەکو شانەی ڕێکخستن کاردەکەن. وە بە هۆی شەڕ و ڕووبەڕووبونەوەکان لەگەڵ بەعس چەند پێشمەرگەیەک شەهید دەبن لەوانە(شەهید رەفعەت علی) .وە لە پاڵ ئەم خزمەتەی خەڵک بۆ شۆرش ،حکومەتی عیراق بۆ یەکەم جار لە ساڵی ١٩٦٣ لە سەردەمی عبدالسلام عارف گوندی گەڕەسۆر دەسوتێنرێت و خاپوور دەکرێت بە هۆی کوردبوونیان وە خەڵکەکەیان زۆر بێزارکردووە و شەڕی نەفسیان لەگەڵ دەکردن هەر چەندجار حکومەتی عێراق دەردەچوو دەهاتە گوندی گەڕەسۆر چواردەوری گوندییان تۆق دەکرد پاشان بە ناخۆشی خواردنیان پێ ئامادەکردوون. زۆر جار پیاوانی ئەوکاتەی حکومەت بە مەفرەزەوە دەهاتن سەرانەیان لە خەڵکەکە وەردەگرت ، وە چەند خێڵێک حکومەت پیشتوانیان دەکرد و هەر خەڵکەیان لە ڕێگاکان بەدیت بوایە پارە و پولیان لێ دەستاند و قسەی نارێکیان پێ دەگوتن بۆ ئەوەی خەڵکی گوند بێزار بکەن و گوندەکە چۆل بکەن بۆ ئەوەی شۆرش سودی لێ نەبینی. بەهۆی بەرزی ئاستی نیشتیمان پەروەری و دڵسۆزیان بۆ شۆرش گوندەکەیان چۆڵ نەکردووە و درێژەیان بەکاری خۆیاندا و خزمەتی شۆرشیان کردووە تاکو نسکۆی ساڵی ١٩٧٤. لە بارودۆخە پڕ ترس و تۆقانەدا شۆرشگێرانی کوردستان لە خەبات نەکەوتن کەوتنەوە خۆ سازدان بۆ قۆناغێکی نوێ لە خەباتی رزگاری خوازی کوردستان [٢].

---

١-هۆشەنگ ساڵح نەجار،شۆرشی ئەیلول لە ڕۆژنامە و بڵاوکراوە عێراقییەکان ١٩٦١-١٩٧٥ لێکۆلینەوەیەکی مێژوویە،دەستەی ئینسکلۆپیدیای پارتی دیموکراتی کوردستان،هەولێر،چاپی یەکەم،٢٠٢٢,ل٩.

٢- چاوپێکەوتنێک لەگەڵ بەڕێز حامید محمود وەلئ محمود ،لەدایک بووی ، ١٩٧٤ (٦-١٠-٢٠٢٣)

لەساڵی ١٩٧٦ شۆرش دووبارە سەریهەڵدایەوە بە هەمان گڕ و تینی پێشوو کە هەندێک لە گەنجی خوێن گەرمی گوندی گەڕەسۆر خۆشەویستیان بۆ شۆرش بەشداریان لە شۆرشی گوڵان کرد، یەک لەوانە (سعید وەلی). ئەو حیزبانەی کە لەو سەردەمەدا هەبوون هەر لە تشرینی دووەمی ساڵی ١٩٧٥ بە سەرکردایەتی پارتی دیموکراتی کوردستان و پاشان لە ١ ی حوزێرانی ١٩٧٥ یەکێتی نیشتیمانی کوردستان هەردوو حیزب کەوتنە خۆسازدان و ڕۆڵی بەرچاویان بینی بەو شێوەیە پاش ماوەیەکی کەم بەسەر نسکۆی شۆرشی نیشتیمانپەروەرانی کوردستاندا قۆناغێکی نوێیان لە بزوتنەوەی ڕزگاریخوازی کوردستان دەستی پێکردووە. شۆرشی گوڵان کاریگەری هەبووە لەسەر گوندی گەڕەسۆر بۆنموونە ئامادەکردنی خواردن بۆ ئەو پێشمەرگانەی کە دەهاتن بۆ گوندەکە هەر ماڵێک لە گوند چەند پێشمەرگەیەکی لە ئەستۆ دەگرت و شوێنی مانەوەیان بۆ ئامادەکردوون و پشووێکیان وەردەگرت و دەستیان دەکردەوە بە خەبات و ڕێکخستن بۆ ئەوەی شۆرش سەرکەوێت[١] .

## باسی دووەم :- سیاسەتی حکومەتی عێراق بەرامبەر گوندی گەڕەسۆر

گوندی گەڕەسۆر وەک زۆربەی گوندەکانی کوردستان ڕووبەڕووی هێرش وپەلاماری و کاوەڵکاری و ڕژیمی بەعس و ڕژێمە یەک لەدوایەکەکانی عێراق بۆتەوە لەبەرئەوەی گوندێکی کوردییە و کوردنشینە و کاری پێشمەرگایەتی و بەرگری لە خەڵک و نیشتیمان و گوندەکەیان کردووە بۆیە هەمووکات بەعس بە چاوێکی نامۆ سەیری خەڵکیان دەکرد بە هۆی ئەوەی کە شۆرش و پێشمەرگەیان خۆش دەویست. چونکە خەڵکی گوندی گەڕەسۆر چاوساغیان بۆ حکومەتی بەعس نەدەکرد هەر لەسەردەمی حوکمرانی عبدالسلام عارف گوندی گەڕەسۆر سوتاوە و پاشان بە شۆفەڵ خانووەکانیان رووخاندووە هەر بەوەش نەوەستاون پیاوە بە کرێ گیراوەکانی خۆیان (جاش) لەوانە (حەمەی سابیر ، عومەر حسن ..) بە مەفرەزە دەهاتنە گوند و پەلاماری خەڵک یان دەدا [٢]، ماڵەکانیان دەپشکینی و تەحەدایان لە خەڵک دەکرد و پارە و شتی گرانبەهایان دەبرد و بێ ڕێزیان بە دانیشتوانی گوند دەکرد. گوندی گەڕەسۆر پەناگەیەک بوو بۆ پێشمەرگە وخەباتگێران و شۆرشگێران بوو بۆیە بەردەوام لەلایەن کاربەدەستانی بەعس ئازار دەدران یان دەربەدەردەکران لە گوندەکەیان بە تایبەتی ڕەگەزی نێر کە بەردەوام پەلاماردراون لەلایەن کاربەدەستانی بەعس بە بیانوی پاڵپشت کردن و خزمەتکردنی پێشمەرگە[٣].

---

١- چاوپێکەوتنێک لەگەڵ بەڕێز خوادا مولود پیربال قوربان ،لە دایک بووی ،١٩٥١،(٥-١١-٢٠٢٣)
٢- چاوپێکەوتنێک لەگەڵ بەڕێز محمد حسن اسماعیل عبدالله،لە دایک بووی،١٩٤٠(١-١١-٢٠٢٣)
٣- چاوپێکەوتنێک لەگەڵ خاتوو پیرۆز عوسمان ڕەمەزان پیربال ،لەدایکبووی،١٩٦٥(٧-١٠-٢٠٢٣)

به هۆی نزیکی گوندەکە لە شار شوێنی حەوانەوەی نهێنی بوو بۆ پێشمەرگە بۆیە هەر کاتێک کاربەدەستانی بەعس ئاگادارکرابانەوە ئەوە ئەو عائیلە ئازاد دەدران پیاوی ماڵەکەش دەستگیردەکران تا ماوەیەکی درێژ نەیدەتوانی ماڵ و منداڵەکانی ببینی و خانەوادەکەی سەرگەردان دەبوون ،بۆیە پێشمەرگە کاتی چونیان بۆ گووندەکە کردبووە شەو بۆ ئەوەی هیچ کەس نەیان بینی و کاربەدەستانی بەعس نەزانن . بە هۆی دڵسۆزی خەڵکی گوندی گەڕەسۆر بۆ یارمەتیدانی پێشمەرگە و چالاکیان لە شۆرش دووچاری پەلاماری حکومەتە یەک لە دواییەکەکانی بەعس بۆتەوە . هەر لە سەردەمی عبدالسلام عارف لە ساڵی ١٩٦٣ گوندی گەڕەسۆری دەسوتێنرێ و خاپوور دەکرێت[١]. لە ساڵی ١٩٧٩-١٩٨٠ کە سەدام حوسین حکومی وەرگرت لە عێراق دووبارە سیاسەتی ڕەشیگیر و سەرانە وەرگرتن و سوتان و خاپوورکردنی ماڵ وکوشتن و ئازاردانی کورد دەستی پێکردووە .لەم قۆناغەدا لە ئەیلولی ساڵی ١٩٨٠ سەدام حوسین جەنگی بەرامبەر ئێران ڕاگەیاند ئەم جەنگە زیاتر بۆ کاوڵکاری کوردستان و قیرکردنی گەلی کورد بووە. لەو کاتەدا سەربازی زۆرەملێ هەبووە کورد بە زۆری ڕاپێچی ڕێزەکانی سوپاسی عێراق کراون لە جەنگی ٨ ساڵەی عێراق و ئێران بەشداریان کردووە . گوندی گەڕەسۆریش بێ بەش نەبووە بەرامبەر ئەو سیاسەتە توند و تیژەی بەعس چەندین کەسایەتی گەڕەسۆر ڕاپێچی ڕێزەکانی سوپا کراون لەوانە (عەلی حەسەن ،معروف پیربال ، سمایل وەلی) [٢]. لەکاتی وێران کردنی گوندەکە مەفرەزەکانی بەعس هەڵدەستان سوکاتیان بە خەڵکی گوندەکە دەکرد و مزگەوتی گوندەکەیان تەقاندۆتەوە و بیری ئاویان تێدا و پڕ خۆلیان کردووە بۆ ئەوەی هیچی تر نەتوانن بگەڕێنەوە بۆ شوێنی خۆیان. دوای کۆتایی هاتنی شەڕی ئێران و عێراق ،سەدام حوسین لە ساڵی ١٩٩٠ هێرشی کردە سەر کوێت داگیری کرد. حکومەتی عێراق هەستا بە کاوڵکردن و داگیرکردنی ئەو وڵاتە بەڵام لە ماوەی چەند مانگێکدا هاوپەیمانیەتی نیودەوڵەتی بە سەرکردایەتی ئەمریکا پێک هێنرا ، لە هێرشێکی فراواندا سوپای عێراق لە کوێت وەدەرنا دوای پەیدابوونی ئەو بۆشاییە سیاسیە لە عێراقدا ڕێگای خۆشکرد بۆ بەرپابوونی ڕاپەرینێکی جەماوەری گەورە بۆ رزگاربوونی لەو دەسەڵاتە زۆرداریەی حیزبی بەعس کە ئەمە بووە مایەی ئەوەی ڕاپەرینی جەماوەری سەرهەڵبدات ،هەروەها هەندێکی دیکە لە هۆکارە سەرەکیەکانی ڕاپەرین دەگەڕێتەوە بۆ سەر هێزی پێشمەرگە حیزبەکانی بەرەی کوردستانی بەمەش سەرجەم ناوچەکانی کوردستان لە بەهاری ١٩٩١[٣].

---

١- چاوپێکەوتنێک لەگەڵ بەڕێز ستار پیربال میرزا ناسر ،لەدایک بووی،١٩٤٦(٩-١٠-٢٠٢٣)
٢-چاوپێکەوتنێک لەگەڵ بەڕێز ئازاد قادر محێدین عبدورحمان،لە دایک بووی،١٩٦٧(١٠-١٠-٢٠٢٣)
٣- چاوپێکەوتنێک لەگەڵ بەڕێز رزگار قادر محێدین عبدورحمان،لە دایک بووی،١٩٧٣(٩-١٠-٢٠٢٣)

دەستیان کرد بە ڕاپەرین بۆ نوێبوونەوەی دەسەڵات و ڕزگاربوون لەو دەسەڵاتە ستەمکارییە ، بۆیە سەرجەم ناوچەکان بەشداربوون لە ڕاودونانی حیزبی بەعس لە ناوچەکان و ئازادکردنیان، بە هۆی بێزاری خەڵک لە دەسەڵاتی ڕژێمی بەعس کە ئەمەش بۆتە هۆی کە خەڵکی ئەم گوندە هەروەک ناوچەکانی دی کوردستان ڕاپەرین بکەن ببێتە مایەی دڵخۆشی کوردستان و ئازادبوونیان لە ژێر چاوسانەوەی ئەو ڕژێمە خراپەی بەعس و وە بنیادنانی کوردستانی ئازاد.[1]

## تەوەری سێیەم :- لایەنی ئابووری و کۆمەڵایەتی گوندی گەڕەسۆر

### باسی یەکەم :- بارودۆخی ئابووری

### أ. کشتوکاڵ

کشتوکاڵ کردن بڕبڕەی پشتی دانیشوانی گوندی گەڕەسۆر بووە ، هەر لە کۆنەوە خەڵکی گوندەکە خەریکی کشتوکاڵن لە کۆنەوە بە ئامێری زۆر سادە و دەستکرد ئەنجام دەدرا. ئامێرە سەرەکییەکان چەندین سەدەبوون نەدەگۆردران بۆیە زەوی هەر بە هەوجاڕ دەوری کۆن دەکێڵدرا کە بە زۆری گا جووت و گوێدرێژ و هێستر بوو . ئەو خەڵکانەی خەریکی کشتوکاڵ بوون لە گوند نیشتەجێ بوونە لە پاڵ ئاژەڵداری هەموو ئەندامانی خێزان بەشدار دەبن لە کشتوکاڵکردن و کێلان و داچاندن . زۆربەی دانیشتوان سەرقاڵی کشتوکاڵ بوون ئەو شتانەی کە بەزۆری دەچێنران کە خەڵک پێوەی خەریک بوون بریتی بوون لە «گەنم جۆ» لە وەرزی زستاندا ، سەوزەوات لە وەرزی هاویندا وەک «تەماتە-خیار-باینجان» هەروەها زۆربەی دانیشتوانی گوندەکان سەرقاڵی کاری کشتوکاڵی بوونە چونکە جگە لە کاری کشتوکاڵی خەڵکی گوندەکان کەمتردەستیان دەگەیشتە بە کاری تر . لە کۆندا گوندی گەڕەسۆر بۆ دروێنەکردن و کاری کشتوکاڵی داسیان بەکارهێناوە . داس ئامرازێکی کۆنە لە سەرەتایی کشتوکاڵی جوتیاران لە کۆندا بۆ دروێنەکردنی دانەوێلە گەنم و جۆ . داس لە دوو پارچە پێکهاتووە سەرێکی نیمچە چەماوەی تیژ و بڕەری هەیە لە جۆرە ئاسنێکی پتەو بەهیز دروست دەکرێت بەشی دووەمی لەدار دروست دەکرێت تا هەڵگرتنی کاری پێکردنی ئاسان بێت ، هەروەها جەنجار یان بۆ کوتانی دەغل ودان بەکاردەهێنا هەر جارە و لەلایەن جوتیارانی گوندەکە بوو بۆ زەوی کێڵان بەکاردەهێنا . [2]

---

١- چاوپێکەوتنێک لەگەڵ بەڕێز رزگار قادر محێدین عبدورحمان،لە دایک بووی،١٩٧٣(٩-١٠-٢٠٢٣)

٢- چاوپێکەوتنێک لەگەڵ بەرێز ستار پیربال میرزا ناسر ،لەدایک بووی،١٩٤٦(٩-١٠-٢٠٢٣)

گەرمسۆر لە کۆنەوە پشتیان بەکاری کشتوکاڵ بەستوە لەوانەش زیاتر دەغلودان کاری پیشەییان بووە لە ئەوەی گەنم بە بەروبومێکی سەرەکی دادەنرێت. سەبارەت بە گەرمسۆر دەوڵەمەندە بە سەرچاوەی سروشتی . ڕووەکی سروشتی وەک گژوگیای «ئەستێپس» تێیدا بەدی دەکرێ گرینگترین و باوترینیان لە ناوچەکە دا بریتین لە « کاردی- پیفۆک-گیای بۆگەنی- قاپشینگە» لەگەڵ وەرزی زستان و بەهاردا گەشە دەکەن بەڵام لەگەڵ هاتنی هاوین بەرەو نەمان و لە ناوچون دەچن . وەکو سەرچاوەیەکی سەرەکی بۆ لە وەڕاندنی ئاژەڵ وەکو مادەیەکی ئەندامی بۆ خاک سودی هە یە ڕێگر دەبێ لە کرداری ڕامالینی خاک. ئەم تایبەتمەندییەی کە لە ناوچەی لێکۆلینەوە هەیەتی لە ڕووی سروشتی وادەکات ببێتە خاوەن پێگە و گرینگی بۆ دانیشتوانەکەی وەک یارمەتی دەرێک دەبێت لە ڕووی ئابووری بەجۆرێک دەتوانرێ سودی لێ وەربگیرێت . هەروەها گوندەکە لە وەرگای باشی تێدا هە بووە بۆبەخێوکردنی ئاژەڵ بۆ پێشکەوتنی ناوچەکە لە گەشت بوارەکاندا بۆیە پێویستە لە سەر لایەنی پەیوەندیدارەکان گرینگی بەم ناوچانە بدەن.(١)

## ب.ئاژەڵداری

لایەنی ئاژەڵداری لە ڕووی سامانی ئاژەڵداری کە بە گرنگترین ئەو بەروبوومانە دادەنرێت کە کاریگەری لەسەر ژیانی مرۆڤ هەیە، هەروەها سامانی ئاژەڵ چەندین بەروبوومی جۆراوجۆری تیدا دەست دەکەوێت کە کاریگەری لەسەر ئابووری وڵات هەیە ، بۆیە ئاژەڵەکان بەگشتی وە چەندین جۆر لە ئاژەڵی ماڵی بەتایبەتی لەگوندی گەرمسۆر ڕاگیراوە و بەخێوکراوە بۆمەبەستی دەستکەوتنی بەربومەکانیان چونکە ئاژەڵی ماڵی دەورێکی زۆر گرنگیان لە ژیانی مرۆڤدا هەبووە لە جاران و تەنانەت لە ئێستاشدا. هەر لەبەر ئەوە بووە زۆربەی دانیشتوانی گوندی گەرمسۆر ئاژەڵیان ڕاگرتووە و وەک هەر دوو سەرچاوەی دارایی دابینکردنی بەرهەمەکانیان بۆ خواردنی ڕۆژانەیان و ناردنە دەرەوەی بەرهەمەکانیان بۆ بازار وەک ماست و پەنیر و لۆر و ژاژی کەرە . ئەمە جگە لەوەی پاشەڕۆکەشیان وەک پەین بۆکشتوکاڵ بەکارهێناوە . خەڵکی گوندی گەرمسۆر لە وەرزی بەهاران لەشیری ئاژەڵەکانیان پەنیر ولۆر و ماستیان دروست دەکرد و دەیان نارده بازارەکانی هەولێرو دەورووبەری.(٢)

---

١- ڕەنجدەر کامەران ،گەشەپێدانی لادێی قەزای دەشتی هەولێر.نامەی ماستەر کۆلێژی ئاداب زانکۆی سەلاحەدین

٢-چاوپێکەوتنێک لەگەڵ بەرێز سەرتیپ ئەسعد مامە،لە دایکبووی ١٩٨٣،(١٣-٤-٢٠٢٤)

هەڵــبەت بــۆ ئەوكــات ئامــادەكردنی هەنــدێک لەو بەروبومــانە زەحــمەت بــوە ، بەهــۆی نەبــوونی كەرەســتەی بەردەســت لە گونــدا .لە گونــدی گەڕەســۆر بەخێــوكردنی ئــاژەڵ پیشــەیەكی تەواوكــاری كشــتوكاڵ بــووە نــاكرێ یەكێكیــان لەوەی تــر جیــابكرێتەوە . ئەو جــۆرە گیــانەوەرانەی لەگونــدی گەڕەسۆر بەمەبەستی بەخێوكردن هەبوونە وەک (مەڕ، بـزن ، مانگـا، پەلەوەڕ) خەڵكـی گونـدەكان بە كــاری ئاژەڵــداری خەریــک بــوونە. گونــدی گەڕەســۆڕیش یەكێــک بــووە لەو گونــدانە هەر مــاڵ وچەنــد ســەر مەڕ وبزنێكیــان هەبــوە . بە مەبەســتی بەروبــومی ســپیایەتی بێگومــان لە گونــدی گەڕەســۆڕ (مەشــكە) بەكارهــاتوە . كاتێــک هــاوین دەهــات شــیرەكە كەم دەبــۆیەوە و ماســتەكەیان بەمەشــكە دەهەژانــد و ڕونەكەیــان لێــدەگرت هەروەهــا پێســتی ئاژەڵەكانیشــیان دەنــاردە شــار و دەیــان فرۆشــتەوە ســودی لــێ وەردەگیــرا بــۆ ڕســتن و چنــین . دیــارە لە گونــدی گەڕەسـۆر نــاوچەیەكی باشــی بەخێــوكردنی لە وەرگــابون بەهــۆی ڕووبەری زەوی فــراوان بەردەوام گرنگــی دان بەئــاژەڵ لەم گونــدە لە گەشــەكردن دابــووە بەردەوام داواكــاری لەســەر زۆر بــووە ، هەروەهــا هەمــوو جــۆرە پەلەوەڕێكـیش لەلایەن دانیشـتوانی گونـدەكە بەخێـوكراوە كەبەخێـوكردنی پەلەوەر تەنهـا بـۆ مەبەسـتی گۆشــت نەبــوە بەڵكــو ســودی تــری هەبــوە وەک دەســتكەوتنی هــێلكە كە بە ژەمێكــی باشــی خــۆراكی بەیانیان دادەندرا.[1]

## ت. لایەنی پیشەگەری وبازرگانی

پیشــەگەری یــاخود ئیشــی دەســتی ئەوكەســانەی لە ڕابردوویــان تــاوەكو ئیســتا مــاوەن و دەســت ڕەنگــین بــوون لەكــاری (ڕســتن وچنــین) هەنــدێكیان مــردوون ، هەنــدێكیان لەژیانــدا مــاوەن. ئەوكــارانەی دەكـرا بە دەسـتی ئەوئـافرەتە دەسـت ڕەنگینیـانەی ئەوسـەردەم دروسـت دەكـرا ئەوانـیش بریتـی بـوون لە (گــوریس ،دۆخــین ،كــراش ،لــیفكە ، بەرمــاڵ ،چــیخ) دروســت كــردن بۆكــۆچكی منــداڵان لەجیــاتی كــڵاو لەســەریان دەكــرد . ئەوكــارانەش زۆربەی ئێســتاش دەكــرێ زۆربەی كەرســتەی ســەرەكی پێویسـتن بۆكـاری ڕۆژانە ، چەنـدین ئـافرەت لەسەردەسـتی ئەوكەسـانە فێـری ڕسـتن وچنـین بـوونە . وە لەهەمــان كاتــدا ڕەنگكردنــی شــمەكەكان لەلایەن ئافرەتــانی گونــدی گەڕەســۆر بەكارهــاتوە بــۆ ئەوشــمەكانەی دروســتیان دەكــرد ، ڕەنگیــان دەكــرد.[2] ڕەنگكــردن بەشــێوەیەكی گشــتی مــادەیەكی ڕەنگاوڕەنگە كەرستە خاوەكە دەتوانێت هەڵی بمژێت لەگیراوە ئاویەكاندا .[3]

---

١-چاوپێكەوتنێک لەگەڵ خاتوو شوكری حوسین عەولا خزێ، لەدایكبووی ١٩٥٥،(١٥-٤-٢٠٢٤)
٢-چاوپێكەوتنێک لەگەڵ خاتوو شوكرییە مولود پێربال، لەدایک بووی ١٩٤٦،(٥-٣-٢٠٢٤) .
٣-ئینسكۆپیدیای هەولێر-شارستانی كۆمەڵایەتی،چاپخانەی كرین كالۆری،چاپی یەكەم،٢٠٠٩،ل ٨٨٤

ڕەنگەکــان دەوڕێکــی گرنگیــان گێــڕاوە لە دروســت کردنــی ئەو شــمەکانەی کە لە گونــدی گەڕەســۆر دروســت دەکــران بــۆ جــوانترکردنی شــمەکەکان بەکارهــاتووە دەســت ڕەنگینــی ئەوئافرەتــانەی کە لە کــاری رســتن و چنینیــان دەکــرد بریتــی بــوون لە (مەنیچ،خەجیجە،ســوڵتان) .هەروەهــا پەیوەنــدی ئــاڵوگۆڕی و بازرگــانی هەبــووە لەگونــدی گەڕەســۆر بــۆ نمــونە ئەوشــمەکانەی دروســتیان دەکــرد دەنێــردا شــار و دەفرۆشــرا لە بەرامبەریشــدا پێداویســتیەکانی خۆیــان لە کەرەســتەی خــواردەمەنی و جلوبەرگ وقاپ وقاچاغ وهە ندێک ئامێری سادەی کشتوکاڵی لەنێو شاردا کڕیوە.[١]

## باسی دووەم :- بارودۆخی کۆمەڵایەتی

## أ . پێکهاتەی دانیشتوان و داب و نەریتە کۆمەڵاتیەکان

لە کۆنەوە تاوەکو ئێســتا هەر کوردبوونە هیچ گەل و نەتەوەیەکی تری لێی نەبووە. هەروەها ئاوهەواش کاریگەری زۆری هەیە کاربکاتە ســەر دابەش بوونی دانیشــتوان چونکە پەیوەندی بەهێزی بە ژیان و ژینگەی ئادەمیزادەوە هەیە . کاریگەری ئەم فاکتەرە لەسەر دانیشتوان لە سەرێکەوە کاری راستەوخۆی لەســەر جۆری چالاکیەکان و شــێوازی ژیانی ئەو توانایەدا هەیە کە ئادەمیزاد دەیخە ئەگەر بۆ دەســت بەســەرداگرتنی وە بەرهێنانی ســامان لەســەرێکەوە کاریگەری ناراســتەوخۆی هەیە بەهۆی کارتێکردنی خاکەوە.سروشتی شێوازی کشتوکاڵ وژیان لە گرینگترین ئەو بەڵگانەن کە کاریگەری ئاوهەوان لەسەر دابەش بوونی دانیشتوان .گوندی گەڕەسۆر چەندین جار لەلایەن ڕژێمی بەعس وێران کرا و سوتێنراوە و چۆلکراوە ئەمانەش هەمووگاریگەری هەبووە بۆ ئەم گوندە لە ڕووی ڕێژەی دانیشــوانی ، بەلام ئەگەر سەیری ئاماری ساڵی نەوەتەکان بکەین دەبینین کەدوای بەهاری ڕاپەرینی هیچی دیکە وێران نەکراوە لەوە بەدواوە خەڵکی گوندەکە بەئاســودەی نیشــتەجێ بوونەوە لە ئەو ســەردەمە تەنیا حەوت هەشــت ماڵێك زیاترنەبوونە لەوگوندە ژمارەی منداڵەکان ٢٠ مندال دەبوو بەڵام دوای ڕاپەرینی ١٩٩١ ئیتر بەرە بەرە گوندەکە ئاوەدان دەکرایەوە ژن و ژنخوازیان کردووە ژمارەی دانشــتوان چووە باری ئاســایی خۆی وە لە ساڵی٢٠٢٤ بوونە نزیکە ی(٩٠) ماڵ . سەبارەت بەهۆز و ئەو تیرانەی لەگوندی گەرەسۆر نیشتەجێ بوونە وەکو هۆزی پیرەبابی،گەراری،شیخ مەموندی،ئاری کورچی. ئەو کۆمەڵە هۆزە پێکەوە لەو گوندە نیشتەجێ بوون و بێ کێشە بوونە زۆر هاوکاری یەکتربوونە.[٢]

---

١ -چاوپێکەوتنێک لەگەڵ خاتوو شوکرییە مولود پێربال،لەدایک بووی١٩٤٦,(٣-٥-٢٠٢٤)
٢-چاوپێکەوتێک لەگەڵ بەرێز خەلیل رەفیق علی،لە دایک بووی١٩٦٣,(١٦ -٤-٢٠٢٤)

له هەموو شـــوێنیکیش دەمەقاڵە هەردەبێ ئەگەر لە گوندی گەڕەســـۆر هەبووایە ئەوە گەورەکان بەوکارە هەڵدەســـتان نەیان دەهێشــت شـــەڕەکە گەورەتر بێ . هۆزانە بە هەموویان بەکاری کشـتوکاڵی و ئاژەڵداری خەریک بوونە ئەم گوندە لە پێشووتردا هەمووی لەترسی ڕژێمی بەعس چۆل کراوە روویان لە شارەکان و قەزا و ناحیەکانیان کردووە. وەک بنەســـڵاوە،دارەتوو،عەنکاوە،کەســـنەزان نیشـــتەجێ بوونە لە ئێســـتادا پەیوەندیە کۆمەڵایەتییەکان لە نێوانیان خۆیان لەگوندی گەڕەســـۆر هەر ماوە بەتایبەت ژن مارەکردن ـ تازیەداری _ کارە هەرەوزەیەکان _ژن وژنخوازی هەر لە کۆنەوە هەر هەبووە، هەروەها پەیوەندی کۆمەلایەتی گوندی گەڕەســـۆر لەگەڵ گوندەکانی دەوروبەر زۆر باش بووە، ئەمەش وایکردووە پەیوەندیە کۆمەڵاتیەکان باش ببێ, بەڵام نزیکەی ١٥ســـاڵ دەبێ ژن بە ژنی نەماوە . لەو گوندە بۆنەکانیش هەروەکو خەڵکی ئاسایی ژن مارەکردن و ژن خواستن و جەژنی رەمەزان و جەژنی قوربان و نەورۆزشیان هەیە . سەبارەت بە داب ونەریتی هەر لە کۆنەوە ماوەتەوە لە زەمانی زوو ئەگەر ماڵێك ئاهەنگێکیان هەبا ئەوا سێ ڕۆژ ئاهەنگ دەگێردرا لە ماڵی زاو اشایی دەکرا، بەڵام گەر ماڵێك تازیەی هەبا ئەوا شاییان نەدەکرد ڕۆژی هاتنی بوك هەرســـێ جەمەکە لە مالی خاوەن ئاهەنگەکە نانیان دەخوارد لە کۆندا ئەوەها بوو بەڵام لە ئێســـتا گۆڕاوە ،وە لە ســـەردەمی کۆنەوە هەموویان گیانی هاوکاریان هەبووە بۆ یەك یارمەتی یەکتریان دەدا . ســـەبارەت بە جل وبەرگیش جلی ڕەســـەنی کوردیان لەبەر دەکرد ، بەڵام لە ئێستادا تارادەیەك گۆڕاوە وەکو شـــاری لێهاتوە گەنجەکان پانتۆل لەبەردەکەن وکچەکانیش مەکســـی[1] .هەرەوەزی یەکێکە لەو کارانەی کە زیاتر لەو دێیە باوە بە شـیوەیەکی گشـتی ئەم کارانە زیاتر لە لادێیەکان ماوە زۆربەی دەکران بەشـێوەیەکی هەرەوەزی نمونە (کاری قورکاری ،مەڕبرینەوە،کێلانی زەوی ، جۆت کردن ،دروێنەکردن) چاندنی ئیشـــی تر ئەم کارانە بە هاوکاری لە نێوانیان دەکرا ، ئەمەش بووە هۆی ئەوەی پەیوەندی کۆمەڵایەتی لەم ناوچەیەدا کە ئەم کارانەی لێدەکرا پتەوتر بێت بۆ نمونە کاری هەرەوەزی یەکیکە لە داب و نەریتەکانی گوندەکە نموونە دروێنەکردن ١٥ بۆ ٢٠ کەسی پێویستە تاوەکو دروێنە بکەن گەنمەکە بدورنەوە بە داس بە یەکەوەوە .نموونەیەکی تر جەوکردنە واتا مەڕبرینەوە دوای کۆتایی ســـەرما دەســـتپێدەکات کەلەخ(مەقەســـێکی تیژ )بەکاریان دەهێنا دوایی تیژیان دەکرد بۆ ئەوەی حەیوانەکە ئەزیەت نەدات . بەڵام بەهۆی شارستانیەتی و ڕۆشـنبیری هۆکاربوون بۆ ئەوەی ئەم کارە کاڵ ببێتەوە بەهۆی ئەوەی خەلکەکە زیاتر ڕوویان لە شـارەکان دەکرد گەنجەکان خوێندنیان لە شارەکان بوو بوە هۆی ئەوە کاری هەرەوەزی کەمبێتەوە.[2]

---

١ـچاوپێکەوتنێک لەگەڵ بەرێز عبدالله حوسێن عەولا پیرەبابی ،لە دایک بووی١٩٦٨,(١٥ -٤-٢٠٢٤)
٢ـعەبدوڵلا غفور،ئەنتۆ-جوگرافیای باشوری کوردستان ،دهۆک ،چاپی یەکەم ،٢٠١٠,ل٩٦.

## ب. يارييه كوردەوارييەكان

يـــارييه كوردەواريەكـــان ئەو ياريـــانەن كه تـــايبەت به نەتەوەی كـــورد بـــوونه، بەشـــێكن له كەلتـــور و نەريتـــی كـــۆنی كـــوردەواری .لەهەر شـــوێنێك نـــاوێكی تـــايبەت بـــۆ يارييەكـــان هەيه. به پێـــی ســـەرچاوه مێژووييەكـــانی مێژوونوســـانی كـــورد كـــورد خـــاوەن ١٢٠ بـــۆ نزيـــك له ١٤٠ يـــاری تـــايبەت بەخـــۆيەتی كه ســـەدان ســـاڵه دەســـت به دەســـت گواســـتراوەتەوه . ژمـــارەيەكی زۆر له يـــاری هەن كه له گونـــد دەكـــرێ نمـــوونه يـــاری كەڵامســـتانێ ، ســـاپ ســـاپين ،چاوشـــاركێن ، مێروانـــێ ، هەلوكـــانێ ، دامه ، كـــێڵه بـــاردانێ.... . بەڵام باوترينيـــان و ديارترينـــان كه تـــا ئێســـتا بەردەوامه يـــاری كەڵامســـتانيه كه ناوبانـــگ و پێشـــەنگی گەنجـــانی گونـــدی گەڕەســـۆر له ئاســـتی هەولێـــر و دەوروويەری ديـــار و ناسراون.

يارى كەڵامستانێ

ئەو يـــارييه كـــوردەوارييه كه زيـــاتر گەنـــج و پيـــر دەيـــكەن به تـــايبەت له شـــەوانی زســـتان بـــۆ بەرێكردنـــی كاتەكانيـــان به قســـەی خـــۆش و گـــاڵتەوگەپ كه هەر جـــارێ له ماڵێـــك دەيـــان كـــرد. ئەو يـــارييه له بەينـــی (٢-١٠) كەس دەبـــن به دوو گروپ.يـــاريەكه له نـــۆ پـــارچه كـــڵاو و ئەنگوســـتيلەيەك پێكـــدێت.خاڵ كـــۆ دەكەنەوه به شـــاردنەوەی ئەنگوســـتيلەكه تـــا دەگەن به ١٠١ خـــاڵ پاشـــان دەســـته گـــول دادەنـــێن كه له ٥ كـــڵاو پێـــك دێـــت ئەگەر نەيـــان دۆزيـــيەوه گروپـــی بەرامـــبەر ئەوه يـــارييەكه دەبەنەوه ئەگەر دۆزيـــانەوه ٢٥ خـــاڵ له دەســـت دەدات ئەو گـــروپەی ئەنگوســـتيلەكەی شـــاردۆتەوه ،له كـــاتی كۆتـــايی يـــارييەكه هەروەك خۆشـــيەك بەو مەرجەی كه پێكهـــاتبێ لەســـەر مريشـــك يـــان هەرخـــواردنێكی تريـــان كردبـــی ســـەركەوتوەكان لەتێكەوتوەكـــان وەرئەگـــرن وبەســـەر هەمـــوو دانيشـــتوەكان دابەش ئەكەن لەگەڵ يەكـــدا ئەيخـــۆن[1].بەڵام ئێســـتا يـــارييەكه بەر فراوانتـــر بـــووه له ئاســـتی هەولێـــر ئەنجـــام دەدرێ دەكـــرێته خـــول و له ئـــازاری ئەمســـاڵ خولێـــك كـــرايەوه و ٩٣ فەريـــق بەشداريان كرد و گەنجانی گەڕەسۆر توانيان پلەی يەكەم بەدەست بهێنن و خەڵات وەرگرن .

---

١- محمد شـــەريف كريم شـــەريفانی , فۆلكلۆری يـارييەكـانی كوردەواری ،چـاپخـانەی(الشـــمـال)كەركوك ،چـاپی يەكەم،١٩٧١,ل(١٦٩-١٧٠).

## ئەنجامەكان

١-لەمیـــانەی ئەم تـــوێژینەوەی كە خـــرایە ڕوو كەوا گونـــدی گەرەســـۆر نـــاوەكەی لە چـــیەوە ســـەرچاوەی گرتـــووە لە ڕووی جـــوگرافیەوە چـــۆنە و كەوتـــۆتە چ نـــاوچەیەك دیمۆگرافیـــای ناوچەكەش ڕوونبۆیەوە .

٢- لەم تـــوێژینەوەیە بە دەردەكەوێ گونـــدی گەرەســـۆر لە ڕووی چـــالاكی ئـــابووری و بەتـــایبەتی لە ڕووی كشتوكاڵیەوە ناوچەیەكی گرنگە ،بەتایبەتی لە چاندنی (گەنم وجۆ)

٣-گونـدی گەرەسـۆر دووچـاری مـاڵ وێرانـی و كاوڵكـاری بـونەتەوە، وە چەنـدین جـار لەلایەن ڕژێـم و لایەنە دیكتـــاتۆرە یەك لە دوایەكەكـــان ماڵەكانیـــان ســـوتێندراوە و لە زێـــد و لانەی ڕەوای خۆیـــان ئـــاوارەكران و ســـەرەڕای ئەو هەمـــوو خەبـــات و تێكۆشـــان و قوربانیـــدانە نەبـــڕایەوە خەڵـــك و دانیشـــتوانی نـــاوچەكە لە بەشـــێك لە خزمەتگـــوزارییە ســـەرەتاییەكان بێبەشـــن بۆیـــان فەرهەم نەكـــراوە تاوەكو بتوانن سودی لێ وەربگرن.

٤- لە ئەنجـــامی تـــوێژینەوەكە ئەوەمـــان بـــۆ دەردەكەوێ هەنـــدێك ڕاوبۆچـــون هەیە دەربـــارەی نـــاوی گوندی گەرەسۆر .

٥- لایەنـــی سیاســـی گونـــدی گەرەســـۆر بەدەر نەبـــوو لە شەڕوشـــۆڕی گرفتـــی سیاســـی، یـــاخود ئەو بڕیارە سیاسیانەی كە لەلایەن ڕژێمی بەعسەوە دەرچووە .

٦- بەهـــۆی هەبـــوونی پەیوەنـــدیەكی كـــۆمەڵایەتی زۆر بـــاش لە نێـــوان دانیشـــتوانی گونـــدی گەرەســـۆر لەگەڵ گونـــدەكانی دەوروبەری وەكـــو (بـــاغەمرا،كونە گورگ،گونـــدی بنەســـلاوە،پونجینە) كە ئەمەش بـــۆتە هـــۆی دروســـتبونی گیـــانی هاریكـــاری تـــێكەلاوی لە نێوانیـــان ، وە پەیوەنـــدی ژن و ژنخـــوازی لە نێوانیان دروستبوە.

## لیستی سەرچاوەکان

أ. تێزە زانکۆییەکان


١.ماستەرنامە :

ڕەنجدەر کامەران رەحمان،گەشەپێدانی لادەێی قەزای دەشتی هەولێر.نامەی ماستەر کۆلێژی ئاداب زانکۆی سەلاحەدین,ل١٢.

٢. دکتۆرا :

بورهان حاتم عوسمان،بارودۆخی ئابوری هەولێر لە نێوان سالانی ١٩٥٨-١٩٧٥،نامەی دکتۆرای فەلسەفە لە کۆلیژی ئاداب زانکۆی سەلاحەدین,ل٢٤٦.


ب. کتێبەکان


٣. عبدالله غفور ،گوندەکانی کوردستان (گوندەکانی باشوری کوردستان لە سەرژمێری دانیشتوانی عێراقدا-١٩٧٧)،هەولێر، بەرگی دووەم،چاپی یەکەم،٢٠٠٥.ل٢٤٣.

٤. عبدالله غفور،فەرهەنگی جوگرافیای هەولێر،چاپخانەی حاجی هاشم-هەولێر،چاپی یەکەم،٢٠١٥،ل٤٨٠.

٥. لوقمان فاروق حەسەن نانەکەلی،ئاری فاروق حەسەن نانەکەلی،هۆزی نانەکەلی لە مێژووێ دوێنێ و ئەمڕۆدا،چاپخانەی مێگا-ئەستەمبۆل-تورکیا،بەرگی یەکەم،چاپی یەکەم، ٢٠١٤,ل ٨٠، ٨١، ٨٢، ٨٣، ٨٤

٦. ئینسکلۆپیدیای هەولێر(ئەربیل)،چاپخانەی کرین کالۆری-لوبنان،چاپی یەکەم،٢٠٠٩,ل٢٨٠.

٧. محمد کریم شەریف،فۆلکوری یاریەکانی کوردەواری،چاپخانەی (الشمال)کەرکوک،چاپی یەکەم،١٩٧١.ل(١٦٩-١٧٠).

٨. ئینسکلۆپیدیای هەولێر-شارستانی کۆمەڵایەتی-گەڕەکەکان-تەندروستی،کرین کالۆری-لوبنان، چاپی یەکەم،٢٠٠٩,ل٨٨٤.
٩. هۆشەنگ سالح نەجاڕ,شۆرشی ئەیلول لە ڕۆژنامە و بڵاوکراوە عێراقیەکان (١٩٦١-١٩٧٥),هەولێر،چاپی یەکەم،٢٠٢٢،ل٩.
١٠. عەبدوڵلا غفور،ئەنتۆ-جوگرافیای باشوری کوردستان ،دهۆک ،چاپی یەکەم ،٢٠١٠,ل٩٦.

ج. دیدار وچاوپێکەوتن

١١. چاوپێکەوتنێک لەگەڵ بەرێز ستار پیربال میرزا ناسر ،لەدایک بووی،١٩٤٦(٩-١٠-٢٠٢٣)
١٢. چاوپێکەوتنێک لەگەڵ بەڕێز محمد حسن اسماعیل عبدالله،لە دایک بووی،١٩٤٠(١-١١-٢٠٢٣)
١٣. چاوپێکەوتنێک لەگەڵ خاتوو پیرۆز عوسمان رەمەزان پیربال ،لەدایکبووی،١٩٦٥(٧-١٠-٢٠٢٣)
١٤. چاوپێکەوتنێک لەگەڵ بەڕێز حامید محمود وەلیئ محمود ،لەدایک بووی ، ١٩٧٤ (٦-١٠-٢٠٢٣)
١٥. چاوپێکەوتنێک لەگەڵ بەڕێز خوادا مولود پیربال قوربان ،لە دایک بووی ،١٩٥١،(٥-١١-٢٠٢٣)
١٦. چاوپێکەوتنێک لەگەڵ بەڕێز ئازاد قادر محێدین عبدورحمان،لە دایک بووی،١٩٦٧(١٠-١٠-٢٠٢٣)
١٧. چاوپێکەوتنێک لەگەڵ بەڕێز رزگار قادر محێدین عبدورحمان،لە دایک بووی،١٩٧٣(٩-١٠-٢٠٢٣)

١٨. چاوپێکەوتنێــــک لەگەڵ خـــاتوو شـــوکریە مولـــود پیربـــال، لە دایـــک بـــووی, ١٩٤٦(٥-٣-٢٠٢٤)

١٩. چاوپێکەوتنێــــک لەگەڵ بەرێـــز عبـــدالله حوســـێن عەوڵا پیرەبابی،لـــە دایـــک بووی,١٩٦٨ (١٥-٤-٢٠٢٤)

٢٠. چاوپێکەوتنێــــک لەگەڵ بەرێـــز ســــەرتیپ ئەســـعد مـــامە، لە دایـــک بـــووی ١٩٨٣(١٣-٤-٢٠٢٤)

٢١. چاوپێکەوتنێــــک لەگەڵ بەرێـــز خەلیـــل رەفیـــق علـــی، لە دایـــک بـــووی ١٩٦٣(١٦-٤-٢٠٢٤).

٢٢. چاوپێکەوتنێــــک لەگەڵ خـــاتوو شـــوکری حوســـێن عەولا خـــرێ،لە دایـــک بووی ١٩٥٥(١٥-٤-٢٠٢٤)

# پاشکۆ




وێنەی ژمارە(١) گەڕەسۆر لە وەرزی بەهار



وێنەی ژمارە(٢) گەڕەسۆر لە وەرزی هاوین



وێنەی ژمارە(٣) پیرەبەست



وێنەی ژمارە(٤) سەعید وەلی پێشمەرگەی گوڵان



وێنەی ژمارە(٥) یاری کەڵامستانێ



وێنەی ژمارە(٦) گەنجانی گەڕەسۆرلەکاتی بەدەستهێانی پلەی یەکەم لە یاری کەڵامستانێ